# هاوسەنگی لە ئابووریدا:

هاوسەنگی کاتێك روودەدات کە هەموو گۆڕاوەکانی نێو سستەمە ئابووریەکان مەیلی گۆڕانیان نەبێت.. یان هیچ هێزێك کار نا کاتە سەر گۆڕاوەکان بۆ گۆڕانیان لە باری خۆیاندا. بەلام کاتێك پرسیار لەوە دەکەین: بۆ پێویستە خالی هاوسەنگ بزانین دراسەی بکەی. لە وولامدا دەلێن زانینی خالی هاوسەنگ بۆمان دەردەخات ئاراستەی کۆراوەکان بۆ کێ دەروات چۆن پێویستە کاریان تێبکرێت  تا بتوانین لە شوینێکی یان خالێکی گونجاو هەموو گۆڕاوەکان سەقامگیربێت .

بۆ نموونە کاتێك گەشتیەك لە نێو دەریا ئاراستەی خۆی وون دەکات پێویستە یەکەم شت بیر لەوە بکەنەوە کە شوێنی

سەقامگیر بونیان کەو تۆتە کوێ ئاراستەیان دەبێت بۆ کوێ بێت.

# له ئابووریدا چەند جۆریك هاوسەنگی هەیە:

- یەکەمیان : هاوسەنگی ستاتیکە (static) یان دە توانین بلّێن هاوسەنگی تەواو کە تیایدا هەموو گۆڕاوەکان سەقامگیر دەبن لە یەك کاتدا یان هیچ زیادەیەك یان کەم بوونەوە لە بەهای هیچ لە گۆڕاوەکان روونادات. بەلام ئەم جۆرە لە هاوسەنگی حالەتێکە دوورە لە راستی کۆمەلّگا رووبدات چونکە کات لە گۆڕاندایە.
- دووەم : جۆرێکی تر هەیە لە هاوسە نگی ئەویش بە هاوسەنگی داینەمیکی (dynamic) دەناسرێت یان هاوسەنگی بزوینراو. ئەوش زۆر جار لە شی کردنەوەی گەشەکردنی ئابووری بەکاردێت کاتێك گۆڕاوەکان بە رێژەیەکی یەکسان زیاددەکەن بە تایبەتی گۆڕاوە بەربووە کان (flow).
-

# چەند زاراوەیەکی گرنگ لە ئابووری هەمووەکی دا:

- **-گۆڕاوی (تدفقی)(flow) ڕۆیشتو، گۆڕاوی وەستاو (رصید)( stock)**
- هە ندێك لە گۆڕاوە كان بە سڕاوەتەوە بەكات وەكو داهات . بەلام جۆری دووەم لە گۆڕاوە كان پێویستی بە دیاری كردنی كات نیە كە پێدەوترێت (رصید) یان( stock)
- **2-بەدەست هاتوو، پێشبینی کراو، پلان بۆدارێژراو:**
- بە دە ست هاتوو ئەو جۆرە گۆڕاوەیە كاتێك باسی پلانی رابردوو دەكەی تادە گاتە ئێستا ژمارەیەكە یان بریك بە دە ست هاتووە بە راشكاوی وە دڵنیای لە بەدەستهینانی. بەلام پێشبینی كراو ئەوەیە كە لە داهاتوو دوور نیە بەدەست بێت بەلام هیچ راشكاو نین لە بەدەستهێنانی ، بەشێكە تەنها پێشبینی دە كرێت كە بە دە ست بێت بە گوێرەی ئەو بارودۆخەی كە گۆڕاوەكانی ئابووری پێیدادەرۆن . پلان بۆدارێژراو( planned ) ئەو جۆرەیە ئەویش بە سڕاوە تەوە بە داهاتوو ناتوانین بە راشكاوی بیسەلمێنین بەلام ئێمە پلانمان بۆ دارێژتوە و كارمان كردوە بۆ بەدەستهێنانی هەر چەند دڵنیا نین لە بەدەست هینانی چونكە گۆڕاوەكان دوور نیە بگۆڕێن لە داهاتوو.

# داهاتی نەتەوەیی وبەرهە می نەتەوەیی:

- ئە م دوو زاراوە زۆر لە ئابووری هەمووەکی بە بەرچاومان دەکەوێت پێویستە بە راشکاوی لێکیان جیا بکەینەوە .
- National Income( (داهاتی نەتەوەیی) :
- باسی هەموو ئە و داهاتانە دەکات کە ئاندامانی یەك کۆمەلگا بە دەستیان هیناوە لەماوەیەکی دیاریکراوە کە یەك ساڵە.
- بەلام بەرهەمی نەتەوەیی ( National Product ) باسی هەموو ئەو برە بەرهەمانە دەکات کە ئەندامانی یەك کۆمەلگا بەدە ستیان هێناوە لە یەك سالدا .
- بەلام بۆ ئەوەی لێکیان جیا بکەینەوە پێویستە باسی بازنەی داهات بکەین لە کۆمەلگادا